# لەیادی ئەوئارامەی هەزاران ئارامی بەناوەوە نرا .



حاجی ئەنوەر ٢٠٠٦/١/٣١

**ئەمڕۆ دوا ڕۆژی یەکەمین مانگی ساڵی تازەیە ، لەمڕۆژەدا بەتیشک ترین چرای ناوشەوەزەنگی ژیانی هەژاران و زەحمەتکێشانی کوردانی باشوور کوژێنرایەوە ، لەم ڕۆژەدا بوو گەشاوەترین ئەستێرەی ئاسمانی دڵە پڕ لەئاواتەکان ، لەچاو وونبوو.**

**ئەم ڕۆ بوو کۆستێکی تری گەورە هاتە سەرکۆستەکانی ئەو هەژارانەی کە چاوی هیوایان بڕیبوە دواڕۆژێک کەتێیدا وەک مرۆڤێک ئاسودەو دوور لە هەموو چەوساندنەوەو بەکەم زانینێک ژیان بەسەر بەرن .**

**ئەمڕۆ دەستی ناپاکانی ویژدان و خۆفرۆشان گەیشتە ، خۆشەویسترین و زاناترین ودڵسۆزترین ڕابەری هەڵقوڵاوی ناوکرێکاران وبەشمەینەتانی باشوری کوردستان، کەبەبیری ووردو باوەڕی پۆلاین لەناو بەستەڵەک وشەختەبەستوودا کڵپەی ئاگری ئازادی و سەرفرازی هەڵگیرساند .**

ئەمڕۆ بەرگی خاکی ئەو مەشخەڵ بەدەستە سوور بوو. ئەو مرۆڤە دیموکرات خوازەی که بەکردەوەش دووپاتی کردەوە ، بە نەبووبوونی ئازادی سیاسی ودیموکراسی ، کۆمەڵگا و شۆڕش لە لاشەیەکی مەشلول زیاتر شتێکی تر نین . باوەڕ بەدەست هێنانی ڕاستەقینەش لەلایەن جەماوەرەوە تەنهاو تەنها بە کارو کردەوی شۆڕشگێڕانەدەکرێت نەک لە ڕێگای زەبروزۆنگ و لەخشتەبردن ، هەر لەم ڕوانگە مرۆڤانەو شۆڕشگێڕانەوەیشیەوە بوو نەک فشاری نەدەهێنایە سەر ئەوانەی لەگەڵیا جیاوازیان هەبوو بەڵکو کارئاسانی بۆدەکردن (*) .
ئەومرۆڤە مەزنەی کە دەست پاکی(**) و دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕەکەی هەموو هاوڕێیانی ناچارکردوە کەتائێستاش بەئازاری لەدەستچونی کاک ئارامەوە بناڵێنن . سادەیی (***) و باوەڕ بوونی بەهێزی هەژارانی شارودێ ، وای کرد ووشە و ئارام دیارترین و لە زۆرترین تازە لەدایک بووان بنرێ .

(*) بەشێک لە نامەی کاک ئارام بۆ کاک حامید حاجی غالی سەبارەت بە شەهید ئیبراهیم خلیل و هاوڕێیانی . کە دەنوسێت هیچ ڕێگریەکیان مەخەنە بەردەم و هاریکاریان بکەن. هەرلایەنێک کاری باش بکات گەل بەرەولای خۆی کێش دەکات .

(**) کاسێتێکی دەنگی لەیادی کاک ئارامدا ، کە کاک حاجی مەمۆ باسی کەسایەتی کاک ئارام دەکات ( دوای هەرەسی ١٩٧٤ بڕی ٢٥٠٠٠ دیناری شۆڕش لای کاک ئارام مایەوە ، ئەو دەیویست بیگێڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ، پێم ووت ئێمە( مەبەستی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان.کملک ) بۆ دینارێک موحتاجین ئەم پارەیەش هی شۆڕشە و شۆڕشیش ئاشبەتاڵی لێکرد ئەوەتا بەبەرچاوی ئێمەوە هەیەکەو تاڵانی بۆ خۆی دەکات ، بائەم پارەیە بەکار بهێنین بۆ کارو باری کۆمەڵە . کاک ئارام بەهێمنی پێی ووتم ئەم پارەیە هی ئێمەنیە دەیگێڕمەوە ، ئەوان چی لێدەکەن کەیفی خۆیانە گرنگ ئەوەیە مێژووی خۆمان بە پاکی ڕابگرین ) .

(***) مام ڕۆستەم کە دانیشتوی گوندی بەڵخەبوو لەناوچەی قەرەداغ ، بۆ تاکیدی ئەو بەسەرهاتەی کە بیستبوم ، ساڵی ١٩٨١ سەردانم کرد ئایا دەتوانێت ئەو

بەسەر هاتە پشت ڕاست بکاتەوە ؟ مام ڕۆستەم ووتی ( چەند جارێک لەناو دێدا بینیبوم بەڵام نەمدەزانی ئەوە کاک ئارامە ، تا جارێکیان لەگەل پێشمەرگەیەکی تردا لێرە توزیع بوون ، زۆر زمان شیرین و زانابوو ، بەڵام پێشمەرگایەتی ئەو ڕۆژە پیاوی خۆیی دەویست ، پێمووت کاکی خۆم بڕۆیتەوە خوێندنەکەت تەواو بکەیت باشتر نیە ؟ . زۆر بەووردی و ژیرانە قسەی دەکرد و زۆر پەشیمان بووم لەو پرسیارەی کردم . بەداخەوە کاتێک شەهید بوو ئەوسا زانیم کاک ئارام بوو .